

# لێکدانەوەی کتێبی یونس


پێشەکی ........................................ 1
بەشی یەك : یاخیبوونی یونس و دڵسۆزی کەشتیوانەکان ........................................ 3
بەشی دوو : نوێژی سوپاسگوزاریی یونس و وەڵامدانەوەی یەهوا ........................................ 5
بەشی سێ : ڕاگەیاندنی پوختی یونس و تۆبەکردنی نەینەواییەکان ........................................ 7
بەشی چوار : نوێژەکانی تووڕەیی یونس و نموونەی پەروەردەیی یەهوا ........................................ 8
دەرئەنجام ........................................ 9
سەرچاوەکانی توێژینەوە ........................................ 10



کاتی بلاوکردنەوە: مانگی هەشت، ٢٠٢٥


تویژینەوەی ئینجیلی

# پێشەکی

## ئامانجی ئەم کۆرسە

- ئامانجی سەرەکی (توێژینەوەی ئینجیلی) یارمەتیدانی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێت باشتر لە ئینجیلی پیرۆز تێبگەن.
- ئەم کۆرسەش مەبەستێکی تایبەتی هەیە: تێگەیشتن لە پەیامی کتێبی یونس بە ئاگاداری چوارچێوەی ڕەسەنی خۆی تاکو پەیامەکەی کاریگەری هەبێت لەسەر ژیانی خۆمان و لەسەر پەیوەندیەکەمان لەگەڵ خودا.
- سەرەڕای ئەوەش، ئەم کۆرسە دەرفەتێکە بۆ ڕاهێنان و جێبەجێکردنی زانیارییەکەی کۆرسی پێشوو (جۆرە ئەدەبییەکان).

## کتێبی یونس: ئاوێنەیەکی ڕەخنەگر لە سەردەمی خۆیدا و لە ئەمڕۆشدا

- کتێبی یونس وەك ئاوێنەیەکی ڕەخنەگرە. بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ نووسەرەکە زۆر ڕەخنە لە یونس دەگرێت، تەنانەت وشەی (پێغەمبەر) بەکار ناهێنێت کە وەسفی یونس دەکات. بەڵام هێواش بە هێواش بۆ خوێنەرەکە دەر دەکەوێت کە ڕەخنەگرتنی یونس لە ڕاستیدا ڕەخنەگرتنی ئەوە. دڵی یونس وەك دڵی ئێمەیە. کەموکوڕی یونس وەك کەموکوڕی ئێمەیە. گێلایەتی یونس وەك گێلایەتی ئێمەیە. ئەگەر ڕاستگۆ بین، ئێمە زۆر جیاواز نین لە یونس.
- پریساری سەرەکی کتێبی یونس بۆ خوێنەر و بیسەرەکانی ئەوەیە: ئایا ڕقت لەوەیە کە یەزدان دوژمنەکانی تۆی خۆشدەوێت؟
  - ئەم پرسیارە زۆر ماناداره بەڵام مانادارتریش دەبێت ئەگەر لە چوارچێوەی کتێبی یونس تێبگەین.
- پێشەوەی لە خۆمان بکۆڵینەوە سەبارەت بە دڵ و هەڵسوکەوتی خۆمان بەرامبەر بە دوژمنەکانمان، دەبێت لەوە بکۆڵینەوە کە دڵی یونس چۆنە و هەڵسوکەوتی ئەو چۆنە بەرامبەر بە دوژمنەکانی لەم چیرۆکەدا.
  - ئایا دوژمنەکانی یونس کێن و لەبەر چ هۆکارێك ڕقی لەوانە؟ یونس پێغەمبەرێکی باشە یان خراپە یاخود مامناوەندە؟ پەیوەندییەکەی لەگەڵ یەزدان چۆن بوو؟ ئایا لە یاخیبوونی خۆی تۆبە دەکات یان نا؟
  - ئەو جارە کە لە مەبەستی ڕەسەنی کتێبی یونس تێ دەگەین، ئامادە دەبین بۆ مەبەستی ئەم چیرۆکە بۆ ژیانی خۆمان. بە یارمەتی ڕۆحی پیرۆزەوە، کاریگەری ئەم کتێبە دێرینە دەمێنێتەوە لە سەردەمی خۆمان.

## چوارچێوەی نووسینی کتێبی یونس

- کتێبی یونس زۆر بەڵگەی تێدا نیە لە ڕووی کات و شوێنی نووسینی ئەم چیرۆکە. لەبەر ئەوە زاناکان دڵنیا نین لە چ سەردەمێك ئەم کتێبە نووسرا. تەنها دەزانین کە نووسینی ئەو لە نێوان سەدەی هەشتەم و سەدەی سێیەم تەواو بوو. ناشزانین نووسەرەکە کێیە.
- هەر چەندە بە وردی نازانین چوارچێوەی نووسەرەکە چۆن بوو، دەتوانین بە شێوەیەکی گشتیەوە وەسفی بکەین. نووسەرەکە زۆر باسی شاری نەینەوا دەکات کە شارێکی گرنگ بوو لە ئیمپراتۆریەتی ئاشور. شتی بەسودە کە مێژووی ئەم شارە بزانین:
  - لە دەوروبەری ساڵی ٦٠٠٠ پ.ز. نەینەوا وەك گوندێك دامەزرا لەسەر ڕووباری دجلە. بەرە بەرە بووە بە شارێکی گەورە بەڵام لە سەرەتای سەدەی هەشتەمدا نەینەوا هێشتا نەگەیشتبووە سەردەمی شکۆمەندی خۆی.
  - لە ساڵی ٢٤٠٠ەوە پەرستگای خوداوەندی ئیشتار لە نەینەوادا دامەزراو بوو و بۆ ماوەیەکی زۆر پایتەختی پەرستنی ئیشتار بوو لە ناوچەی میزۆپۆتامیا.
  - لە سەدەی نۆیەمدا ئیمپراتۆریەتی ئاشور هەڕەشەی لە ئیسرائیل دەکرد. لە ساڵی ٨٤١ یێهوی پاشای ئیسرائێلی باکوور دەستی کرد بە پێدانی باج بە پاشای ئاشور، بەڵام دواتر بۆ ماوەیەك کاریگەری ئاشور لاواز بوو لە ناوچەی ئیسرائیل.
  - بەڵام لە ساڵی ٧٢٢ شەلمەنەسەری پاشای ئاشور هێرشی کردە سەر شانشینی ئیسرائیل و شاری سامیرەی داگیرکرد و هۆزەکانی ئیسرائیلی باکووری ڕاپێچکرد بۆ خاکی ئاشور. دوای ئەوە لە ساڵی ٧٠١ سەنحێریبی پاشای ئاشور هێرشی کردە سەر شانشینی یەهودا بەڵام کە هەوڵی دا ئۆرشەلیم داگیر بکات سەرکەوتوو نەبوو و گەڕایەوە بۆ نەینەوا.
  - لە دەوروبەری ساڵی ٧٠٠ سەنحێریبی پاشای ئاشور نەینەوای کردە پایتەختی ئاشور و شارەکەی زۆر جوان و گەورە کرد.
  - لە ساڵی ٦١٢ شاری نەینەوا داگیرکرا بە دەستی سوپای هاوپەیمانی بابل و میدیا و لەو سەردەمەوە داسەڵاتی ئاشور نەمابوو.

- ئایا لەبەر ئەم مێژووە هەست و ڕوانگەی کەسێکی عیبرانی (وەك یونس) چۆن دەبوو لە ڕووی ئاشور و خەڵکی نەینەوا بە گشتی؟

---

- ئەگەر نووسەری ئەم چیرۆکە لە سەدەی هەشتەم دەژیا بێت یاخود لە سەدەی چوارەم، پەیامی ئەم چیرۆکە ناگۆڕێت. لە هیچ سەردەمێك خەڵکی ئیسرائیل و خەڵکی ئاشور برادەرایەتییان نەبوو. بۆ هەر کەسێکی یەهودایی یان ئیسرائیلی لە هەر سەردەمێك، پەیامی ئەم چیرۆکە بنەمایەکی زۆر قورسە – نەك لە ڕووی تێگەیشتن بەڵکو لە ڕووی جێبەجێکردن.

## چوارچێوەی چیرۆکی یونس

- نووسەرەکە پێمان ناڵێت ساڵی چەند بوو کە ئەم چیرۆکە ڕووی دا. هەروەها ئاماژەی ناوی هیچ پاشایەك ناکات. بۆ پاشای نەینەوا هەر دەڵێت (پاشای نەینەوا). تەنها یەك بەڵگەمان هەیە لە ڕووی سەردەمی ئەم چیرۆکە. لە ١:١ ناوی یونس بۆمان پێشکەشکراوە: (یونسی کوڕی ئەمیتەی). ئەم کەسە ئاماژەکراوە لە دووەم پاشایان ٢٥:١٤.
- بە گوێرەی ئەم ئایەتە یونسی کوڕی ئەمیتەی پێغەمبەرێك بوو لە سەردەمی یارۆڤعامی دووەم، ئەوەی کە پاشای شانشینی باکووری ئیسرائیل بوو لە یەکەم نیوەی سەدەی هەشتەمی پ.ز. کەواتە ئەم چیرۆکە ڕووی دا پێشەوەی ئێمپراتۆریەتی ئاشور شاری سامیرەیان داگیرکرد. لە سەردەمی یارۆڤعامی دووەم ئاشور کەمێك بێدەنگ بوون لە ناوچەی ئیسرائیل و یەهودا.
  - یارۆڤعام پاشایەکی خراپ بوو، بەڵام خوداوەند ڕێگای پێ دا سنوورەکانی ئیسرائیل فراوان بکات (بڕوانە دووەم پاشاکان ٢٣:١٤-٢٥). سەرکەوتنی ئەم کارە بە پێغەمبەرەی یونس پێشبینیکرا بوو. جگە لەم ئایەتە یونس هیچ باس نەکراوە لە کتێبی مێژووەکانی پەیمانی کۆن.
  - گرنگە تێبینی ئەمەش بکەین کە پێغەمبەری ئامۆس لە هەمان سەردەمە پێشبینی ئەوە دەکات کە هەموو ئەم زەوییە کە پاشا یارۆڤعام بەدەستی هێناوە دووبارە لە دەست دەداتەوە (بڕوانە ئامۆس ١٢:٦-١٤).
- ئەم زانیاریە چۆن بیر و ڕامان دەگۆڕێت سەبارەت بە یونس و پێغەمبەرایەتی ئەو؟

---

## پێکهاتەی کتێبی یونس

- پێکهاتەی کتێبی یونس زۆر ڕوون و سادەیە. بەشەکانی کتێبی پیرۆزی ئێمە بە جوانی بۆمان دابەشی دەکات.
  - بەشی ١ : یاخیبوونی یونس و دڵسۆزی کەشتیوانەکان
    - یونس داوای مردن دەکات (١٢:١)
    - خودا ماسییەك دەنێرێت بۆ یونس (١٧:١)
  - بەشی ٢ : نوێژی سوپاسگوزاریی یونس بۆ ڕزگاربوونەکەی و وەڵامدانەوەی یەهوا
  - بەشی ٣ : ڕاگەیاندنی پوختی یونس و تۆبەکردنی شاری نەینەوا
  - بەشی ٤ : نوێژە تووڕەییەکانی یونس و وەڵامدانەوەی یەهوا
    - یونس داوای مردن دەکات (٣:٤ و ٨:٤-٩)
    - خودا ڕووەکێك دەنێرێت بۆ یونس (٦:٣)

## جۆرە ئەدەبیی کتێبی یونس

- کتێبی یونس لەگەڵ کتێبە پێغەمبەرەکان دانراوە، بەڵام زۆر جیاوازە لەوان. پێغەمبەرەکانی دیکە وشەکانی خودا زۆر ڕادەگەیێنن بەڵام یونس تەنها پەیامێکی پێنج وشە ڕادەگەیێنێت. ئەوانیش بە گشتی گوێڕایەڵن بەڵام یونس زۆر دژایەتی لەگەڵ خودا دەکات.
- زۆر دیارە کە کتێبی یونس چیرۆکێکە (کە هۆنراوەیەکی تێدایە)، بەڵام چ جۆرێکی چیرۆکە؟ مێژووی؟ هۆنراوەیی؟ نموونەیی؟ با پێکەوە کتێبەکە بخوێنین بە تەواوی و دوای ئەوە بڕیار بدەین.

## بەشی یەك : یاخیبوونی یونس و دڵسۆزی کەشتیوانەکان

### ١.١-٣ : فەرمانی خودا و هەڵهاتنی یونس

- هەروەك زۆر لە کتێبە پێغەمبەرەکانی پەیامی کۆن، کتێبی یونس دەست دەکات بە هاتنی وشەی خودا بۆ لای پێغەمبەرەکەی (بڕوانە یەرمیا ٢:١ ؛ هۆشەع ١:١ ؛ یۆئێل ١:١ ؛ میخا ١:١ ؛ سەفەنیا ١:١ ؛ حەگەی ١:١ ؛ زەکەریا ١:١). بەڵام هەموو لەم پێغەمبەرانە پابەندی فەرمانی یەزدانن. پەیامی یەزدان ڕا دەگەیێنن. بەم شێوەیە یونس جیاوازە لەوان.
- هەر چەندە خودا گوتی (بڕۆ بۆ نەینەوا)، یونس بە پێچەوانییەوە هەوڵ دەدات بچێتە تەرشیش – دوورترین شار لە نەینەوا. زۆر سەیرە کە پێغەمبەرێك بەم شێوەیە یاخی بێت لە خوداوەند. لە سەرەتاییەوە نووسەرەکە حەز دەکات ئێمە دوو کێشە ببینین – خراپەکانی نەینەوا و یاخیبوونی یونس. کاتێك چیرۆکەکە دەخوێنینەوە دەبێت لە خۆمان بپرسین – ئایا ئەم کێشانە بە چ شێوەیەك چارەسەر دەکرێن یاخود چارەسەر ناکرێن؟
- لەم چیرۆکەدا، نووسەرەکە دوو وشەی تایبەت بە مەبەست زۆر بەکار دەهێنێت.
  - גָּדוֹל (گادۆل) - واتە مەزن یان گەورە. بەکار هێنراوە بۆ وەسفکردنی شاری نەینەوا (٢:١، ٢:٣-٣، ١١:٤)، با و ڕەشەبا (٤:١، ١٢:١)، ترسی کەشتیوانەکان (١٠:١، ١٦:١)، ماسییەکە (١٧:١).
  - יָרַד (یاراد) – واتە چوونە خوارەوە یان دابازین. زۆر بەکار هێنراوە بۆ هەڵهاتنی یونس (٣:١ – دوو جار، ٥:١، ٦:٢).

### ٤.١-٦ : کاردانەوەی خودا بەرامبەر بە یاخیبوونی یونس

- یەزدان ناهێڵێت یونس هەڵبێت بۆ تەرشیش بەڵکو ڕەشەبایەکی مەترسیدار دەنێرێت بۆ سەر کەشتیەکە. جگەلە یونس هەموو لە سواربووەکانی کەشتییەکە زۆر دەترسن. مەبەستی ئەوە چیە کە یونس هەر دەنوێت لە کاتی ڕەشەباکە؟ چۆن نزیکە و جیاوازیشە لە چیرۆکی مەسیح لە مەرقۆس ٣٥:٤-٤١؟

- سەرۆکی کەشتییەکە داوا لە یونس دەکات کە هەوار بکات بۆ خوداوەندی خۆی تاکو ئاگای لەوان بێت. بەڵام لەڕاستیدا بە شێوازێکی نەفامی و پێچەوانییەوە قسەی کردوە چونکە ڕەشەباکە لە خوداوەندی یونسەوە هاتوە. زۆر ئاگای لەوانە.

### ٧.١-١٢ : هەڵهاتنی دووەمی یونس

- بە تیروپشکەوە دەر دەکەوێت بۆ کەشتیوانەکان کە ڕەشەباکە بە هۆی یونس هاتوە بەسەریان. بۆیە. زۆر پرسیار لە یونس دەکەن تاکو بزانن یونس کەسێکی چۆنە و بۆ چی خوداوەندەکەی بە دوای یونس ڕاو دەنێت.
- نووسەرەکە بە نیازە وەڵامی یونسمان پێ سەیر و پێکەنیناو بێت. بۆ چی وەڵامەکەی وەك گاڵتەیەکە بۆ بیسەرەکانی ئەم چیرۆکە؟

- لەم کاتەدا کەشتیوانەکان زۆر دەترسن. دەیانزانی کە یونس لە خودایەك هەڵدێت بەڵام نەیانزای کە ئەو خودایە ئەوەندە مەزن و بەهێز بێت. لەبەر ئەوەی ئەوان نەفامن بە کەسایەتی خودای عیبرانییەکان لە یونس دەپرسن سەبارەت بە چارەسەری کارەساتەکە.
- دیسانەوە وەڵامی یونس سەیر و نامۆیە بۆ ئەوانەی کە چیرۆکەکە دەخوێننەوە. کە یونس دەڵێت (فڕێمبدەنە ناو دەریاکەوە) بە ڕاستی ویست و فەرمانی خوداوەند دەردەبڕێت؟ (بڕوانە ٢:١)

- بە شێوازی خۆکوشتنەوە یونس دووبارە هەوڵ دەدات لە ویست و فەرمانی یەزدان هەڵ بێت. ئەم کردارە جەخت لەسەر ئەم پرسیارە دەکاتەوە کە یەکەم جار لە ٣:١ بۆمان هات – یونس بۆ چی ئەوەندە کەلەڕەقە و گوێڕایەڵی وشەی یەزدان نیە؟

### ١٣.١-١٧ : دڵسۆزی کەشتیوانەکان و کاردانەوەی خودا

- هەر چەندە یونس چارەسەرێکی ئاسانی داوە بە کەشتیوانەکان، ئەوان هەر کۆشش دەکەن بگەڕێنەوە کەنارەکە بەبێ کوشتنی یونس. بەم شێوەیە ئەوان بە نەفامی هەوڵ دەدەن یونس بخەنە سەر ڕێگای ڕاست. بەڵام ئەمە خواستی یونس نیە و لەبەر ئەوە یەزدان ڕێگا نادات ئەوان سەرکەوتوو بن.
- کاتێك بۆیان دەر کەوتوە کە پێویستە یونس فڕێ بدەنە ناو دەریا هەوار دەکەن بۆ یەهوای خوداوەندی یونس و داوای لێخۆشبوونی ئەو دەکەن. هەروەها، ئەوان ئاماژە بە یونس وەك پیاوێکی بێتاوان دەکەن کە خوێنەرەکە دەزانێت یونس یاخیبووە.
- یەزدان وەڵامی نوێژ و کرداری کەشتیوانەکان دەداتەوە بە هێمنکردنەوەی دەریاکە. ئینجا کەشتیوانەکان بە ترسەوە ڕێز لە یەزدان دەنێن و سوپاسی ئەو دەکەن بە شێوازی ترسی و قوربانی و نەزرکردن.
- نووسەرەکە دەیەوێت یونس و کەشتیوانەکان بەراورد بکەین. دڵ و کرداری کەشتیوانەکان چۆن جیاوازن لەوانەی هی یونس؟

---

---

- کۆتا کردار لەم بەشە هی یەزدانە. ئەو ماسییەکی گەورە دەنێرێت بۆ قوتدانی یونس. هەتا ئێستا هەر پێ دەچێت کە ئەمە وەڵامدانەوەیەکە بۆ نوێژی کەشتیوانەکان کە داوایان لە یەزدان کردوە کە خوێنی یونس نەخرێتە سەر ئەوان. مادەم یونس نەمردووە کەواتە ئەوان نەبوونەتە بکوژ.

### نەخشەی هەڵهاتنی یونس

- خەتی زەرد واتە ڕێگاکە لە سامیرە بۆ شاری نەینەوا (وەك یەکەم جار یەزدان بە یونس فەرمانی دا ئەوها بڕوات).
- خەتی سوور واتە ڕێگای یونس کە فەرمانی خودای وەرگرت. دڵنیا نین بە تەواوی شاری یەرشیش لە کوێ بوو بێت، بەڵام دەزانین کە شوێنێکی زۆر دوور بوو لە ئیسرائیل (ئەگەری هەیە کە لای ئیسپانیا بوو بێت).



# بەشی دوو : نوێژی سوپاسگوزاریی یونس و وەڵامدانەوەی یەهوا

## ٢-١.٢ : پێشەکی نوێژی هۆنراوەیی یونس

- ئایەتی ١:٢ چوارچێوەی نوێژی یونس بۆمان دابین دەکات. نوسەرەکە پێمان دەڵێت کە یونس ئەم نوێژەی گوت لە ناو سکی ماسییەکەدا. بەڵام هۆنراوەکە باسی ڕووداوێکی پێشوو دەکات – ئەم جارە کە یونس نوقم بوو بۆ بنی دەریاکە.
  - بەم شێوەیە هۆنراوەی یونس وەك ئەم زەبوورانەیە کە پێشەکییان هەیە بۆ دیارکردنی چوارچێوەی گۆرانیەکە (چەند نموونەیەك: زەبووری ١٨، ٥١، ٥٢، ٥٤، ٥٦، ٥٧، ٥٩، ٦٠، ٦٣).
- ئایەتی ٢:٢ بە شێوەیەکی پوخت و کورت نوێژی یونس دەر دەبڕێت: لە تەنگانەمدا هاوارم بۆ یەزدان کرد، وەڵامی دامەوە. لەناو سکی جیهانی مردووانەوە هاوارم کرد، گوێت لە دەنگم بوو.

## ٣.٢-٦(a) : دۆخی مەترسیداری یونس

- لەم ئایەتانە یونس وەسفی ئەم کاتە دەکات کە نوقم بوو و لە بنی دەریاکە نیشتەوە. لە ڕوانگەی خەڵکانی دێرین، بنی دەریاکە نزمترین شوێنە لە هەموو دونیادا. لەو کاتە کە یونس گەیشتە ئەوێ هەست بەوەی دەکات کە هەموو بەشەکانی شرووشتی جیهان دژایەتی ئەو بکەن – ئاوەکان (٣، ٥)، ڕووەکەکان (٥)، شاخ و زەوی (٦).
- لەم بەشە هۆنراوەکە بە چ شێوەیەك وەسفی پەیوەندی یونس دەکات لەگەڵ خوداوەند؟ (بڕوانە ئایەتی ٣-٤)

---

- دوو ئەگەری هەیە بۆ لێکدانەوەی نیوەی دووەمی ئایەتی چوار: (١) یونس هیوایەتی خۆی دەردەبڕێت کە خودا ڕزگاری بکات و ڕۆژێك بگەڕێتەوە بۆ پەرستگای یەزدان (بڕوانە ٩:٢). (٢) یونس گۆڕانی دڵی خۆی دەردەبڕێت – کەواتە ئەم کاتە کەیشتە ناو دەریاکە پەشیمان بووەوە لە خۆکوشتن و ڕووی خۆی تێ کرد بەرەو یەزدان تاکو ڕزگاری ئەو بکات (بڕوانە ٧:٢).

## ٦.٢(b)-٧ : ڕزگارکردنی یونس لەلایەن یەهوا

- لەم بەشە یونس باسی ڕزگارکردنی خۆی دەکات. هەر وەك یونس لە ئایەتی سێ گوتی کە یەزدان ئەوی فڕێدایە ناو دەریاکە، ئێستاش دەڵێت کە یەزدان ئەوی هێنایە دەرەوە لە جیهانی مردووان. هەردوك لەم ڕوداوە دەخاتە سەر شانی خودا – فڕێدانەکەی و ڕزگارکردنەکەی.
  - لە ڕوانگەی خەڵکی دێریندا، بنی دەریاکە وەك گۆڕێك وایە لەبەر ئەوەی هەر جارێك کە کەشتیوانێك مرد لە کاتی سەفەرێك، تەرمەکەیان فڕێدایە ناو دەریا لە جێیاتی سپاردن بە خاك.
- لە ئایەتی حەوتدا، یونس باس لە گۆڕانی بیری خۆی دەکات. بە گوێرەی ئەم ئایەتە یونس لە کۆتا ساتدا نوێژی کرد بۆ یەزدان تاکو ڕزگار بێت، لەم کاتە کە خەریك بوو بمرێت (کاتێك گیانم شەکەت بوو).
  - یونس دەڵێت (تۆم بیرکەوتەوە). مەبەستی ئەوە نیە کە پێش ئەوە یونس خودای لە بیر چوو، بەڵکو مانای ئەوەیە کە دووبارە ڕووی خۆی تێ دەکات بۆ خوداوەند و داوای ڕزگاری دەکات.
  - هەر وەك لە ٤:٢، لێرەش یونس ئاماژەی پەرستگای یەهوا دەکات لەبەر ئەوەی ئامادەبوونی یەهوا لەوێە.

## ٨.٢-٩ : یونس خۆی جودا دەکاتەوە لە بتپەرستەکان و بەڵێنێك دەدات بۆ خودا

- لەم ئایەتانە یونس خۆی جودا دەکاتەوە لە بتپەرستەکان کە یەهوا ناناسن (وەك کەشتیوانەکان و نەینەواییەکان).
- هەروەها بەڵێنێك دەدات کە دواتر ستایشی خودا دەکات و قوربانیی بۆ سەر دەبڕێت و نەزری خۆی جێبەجێ دەکات.
  - هەر وەك لە نوێژی کەشتیوانەکان زۆر ڕوون نیە نەزری یونس چیە کە دواتر جێبەجێ دەکات. یونس وا ناڵێت کە ئەم جارە دەگاتە کەنارەکە دەچێتە نەینەوا. ئەگەری هەیە کە ئەم نەزرە تەنها ئاماژەی قوربانیدانی یونس دەکات.
- ئەم بەشە لە هۆنراوەکە وەك گاڵتەیەکی پێچەوانەیی بۆمان پێشکەشکراوە. بە چ شێوەیەك وایە؟

- یەکەم شێواز: هەتا ئێستا لە چیرۆکەکەدا هەڵسوکەوتی بتپەرستەکان زۆر باشترە لە هەڵسوکەوتی یونس. دواشەوە کە یونس دەگاتە نەینەوا، خەڵکی ئەوێ یەکسەر تۆبە دەکەن لە نادادپەروەری خۆیان بەبێ هیچ زانیاریەك دەربارەی یەهوا.
- دووەم شێواز: یونس بەڵێن دەدات سوپاسگوزارییەکەی دەر ببڕێت بە هەمان شێوەیە لە کەشتیوانەکان (بڕوانە ١٦:١).

### ١٠.٢ : وەڵامدانەوەی یەهوا

- لەم ئایەتە یەهوا وەڵامی ئەم نوێژە دەداتەوە کە یونس دەری بڕی لە ناو سکی ماسییەکە. هەتا ئێستا ئەمە سێیەم وەڵامی میهرەبانی یەزدانە لەم چیرۆکەدا. یەکەم جار ئەوە بوو کە یەزدان وەڵامی نوێژی کەشتیوانەکان دایەوە بە هێمنکردنەوەی دەریاکە. دووەم جار ئەوەش بوو کە یەزدان وەڵامی نوێژی یونس دایەوە لە بنی دەریاکە بە ناردنی ماسییەکە.
- دیسانەوە نووسەرەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە یەهوا فەرمانڕەوایی هەیە لەسەر هەموو شتێك تەنانەت ماسییەکە.

### چالاکی - بەراوردکردنی هۆنراوەی یونس لەگەڵ سێ هۆنراوەی دیکە

- بۆ ئەم چالاکییە خۆمان دابەش دەکەین تاکو سێ گروپ بین. هەر گروپێك لە شوێنی خۆی یەکێك لە زەبوورەکان دەخوێننەوە و بەراوردی دەکەن لەگەڵ هۆنراوەی یونس. پاش ئەوە دووبارە کۆ دەبینەوە تاکو هەر گروپێك زانیاری و دانایی خۆیان پێشکەش بکەن و لە یەکتر فێر بین.
- بۆ هەر زەبوورێك ئەوە بنووسە کە چۆن وەك هۆنراوەی یونسە و چۆن لێی جیاوازە. بیر لەم شتانە بکەنەوە: (١) وشەکاری و هێمایی، (٢) دۆخی نووسەرەکە و پەیوەندییەکەی لەگەڵ یەزدان، (٣) هەست و هەڵوەستی نووسەرەکە، (٤) گوناه و تۆبەکردن – نووسەرەکە گوناهی کردوە یان بێتاوانە؟ دان بە ئەوە دادەنێت کە گوناهبار بێت؟

**(١) زەبووری ١٨:١-٦، ١٦، ٢٠-٢٧**

__________________________________________________________

__________________________________________________________

**(٢) زەبووری ١١٦**

__________________________________________________________

__________________________________________________________

**(٣) زەبووری ١٣٠**

__________________________________________________________

__________________________________________________________

**دەرئەنجام :** تەماشاکردنی ئەم زەبوورانە چۆن یارمەتیمان دەدات بە لێکدانەوەی هۆنراوەی یونس و وەڵامی خودا؟ هۆنراوەی یونس دروست و تەواوە یاخود پێویستی بە بەشێکی ترە؟ دڵ و هەڵوێستی یونس چارەسەر بووە؟

__________________________________________________________

__________________________________________________________

__________________________________________________________

## بەشی سێ : ڕاگەیاندنی پوختی یونس و تۆبەکردنی نەینەواییەکان

### ٤-١.٣ : ڕۆیشتنی یونس بۆ نەینەوا و ڕاگەیاندنی پەیامەکەی

- ئەم جارە کە وشەی خودا دێت، یونس گوێڕایەڵە. بەڵام دیارە کە دڵەکەی هەر دژی بەرنامەی خودایە.
  - لە ئایەتی سێ نووسەرەکە ئاماژەی ئەوە دەکات کە شاری نەینەوا گرنگە لە چاوی خودا. لە زمانی عیبری ئەمە نووسراوە (نەینەوا شارێکی مەزن بوو بۆ خودا).
  - نووسەرەکە پێمان دەڵێت کە هەر وەك کاتی مانەوەی یونس لە ناو سکی ماسییەکە سێ ڕۆژ بوو، کاتی ڕۆیشتن لە شاری نەینەوا سێ رۆژ پێ دەچێت. سێ ئەگەری هەیە بۆ لێکدانەوەی ئەم سێ رۆژە – (١) سێ رۆژی دەوێت بۆ سوڕانەوەی دیوارەکانی شارەکە، (٢) سێ ڕۆژی دەوێت بۆ ڕۆیشتن لە دەروازەی ڕۆژئاوای شارەکە بۆ دەروازەی ڕۆژهالآت، (٣) سێ رۆژی دەوێت بۆ ڕۆیشتن بۆ هەموو شوێنە گرنگەکان لە ناو شارەکە. هەڵبژاردەی یەك و دوو گونجاو نین لەگەڵ زانیاری شوێنەوار و مێژووی نەینەوا. ئەگەر یەکێك لەوان بێت، مانای ئەوەیە کە نووسەرەکە ژمارەی سێ بەکار دەهێنێت وەك هێمایەك.
  - یونس تەنها بۆ یەك ڕۆژ دەڕواتە ناو شارەکە و یەك جار پەیامەکەی ڕادەگەیێنێت. کەواتە لە چاوی یونس نەینەوا گرنگ نیە.
- پەیامی یونس زۆر کورت و پوختە – تەنها پێنج وشەیە لە زمانی عیبری. بەڵام دوو لەم وشانە زۆر مانادارن.
  - אַרְבָּעִים (ئەرباعیم) – واتە (چڵ). لە پەیمانی کۆندا ژمارەکان زۆر گرنگن و مانادارن، بە تایبەتی کە وەسفی پێوانی کات دەکەن. لە چیرۆکەکانی پەیمانی کۆندا، مانای ئەوە چیە کە کەسێك یان خەڵکێك چڵ رۆژ یان چڵ ساڵ چاوەڕێی شتێکن.

---

  - הָפַךְ (هافەخ) – واتە (سەرەوژێرکردن) و لێرە بەم شێوازە نووسراوە (سەرەوژێر دەبێت). هەندێك جار مانای ئەم وشەیە ئەوەیە کە شوێنێك وێران دەکرێت (بڕوانە پەیدابوون ٢٩:١٩). بەڵام هەندێك جاریش مانای جیاوازی هەیە وەك سوڕانەوە یان گۆڕان (بڕوانە یەکەم ساموئێل ٦:١٠ و ١٢:٢٥). گرنگی ئەوە چیە کە ئەم وشەی دوو مانای هەیە؟

---

  - لە ڕووخسارەوە پێ دەچێت کە ئەم پەیامە تەنها پێشبینی حوکمدان و سزادان دەکات. بەڵام لەبەر ئەم دوو وشە دیارە کە مەجالی تێدایە بۆ لێخۆشبوون. چڵ رۆژ ماوەیەکی تاقیکردنەوەیە – دەبێت خەڵکی نەینەوا بڕیار بدەن. ئەگەر بەردەوام بن لە ڕێگای خراپە و گوناه، مانای سەرەوژێر ئەوەیە کە وێران دەکرێن. بەڵام ئەگەر لەم چڵ ڕۆژەدا نەینەواییەکەن خۆیان سەرەوژێر بکەن لە ڕێگای تۆبەکردن و وازهێنان لە کاری خراپ، مانای سەرەوژێر ئەوەیە کە دڵ و هەڵسوکەوتیان دەگۆڕێت.

### ٥.٣-١٠ : کاردانەوەی خەڵکی نەینەوا و وەڵامدانەوەی یەهوا

- هەر چەندە کە پەیامی یونس پوختە و زۆر زانیاری تێدا نیە، خەڵکی نەینەوا بە شێوەیەکی تەواو تۆبە دەکەن.
  - نووسەرەکە وێنەیەکی زۆر خۆش و پێکەنیناویمان بۆ دەکێشێت. پێمان دەڵێت کە هەموو خەڵکی نەینەوا – لە هەژارەکان هەتا گەورەکان و تەنانەت پاشاکە – یەکسەر تۆبە دەکەن. پاشاکە فەرمانێك دەدات تاکو ئاژەڵەکانیش تۆبە بکەن. لەم ئایەتانە نەینەواییەکان لە هەمان کاتدا نەفامن و شارەزان. زۆر سەیرە.
    - تۆبەکردنی ئاژەڵ شتی داواکراو نیە لە تەوراتدا. کەواتە نەینەواییەکان نەفامن بە یاساکانی یەزدان. بەڵام نووسەرەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەموو لە دانیشتووەکانی نەینەوا ئەوپەڕی پێشیمانن و تۆبە دەکەن.
    - لە هەمان کاتدا نەینەواییەکان بە چوار شێوازی شارەزا تۆبە دەکەن – (١) پۆشینی جلوبەرگی گوش و (٢) ڕۆژووگرتن و (٣) هاوارکردن بۆ خودا و (٤) وازهێنان لە خراپەکار و توندوتیژی.
  - قسەی پاشاکە زۆر ماناداره. فەرمان دەدات کە نەینەواییەکان هاوار بکەن بۆ (خوداوەند) بەڵام ناوی خوداوەندەکە (یەهوا) بەکار ناهێنێت چونکە خودای یونس نەناسراوە بۆ ئەوان. بەم شێوەیە نووسەرەکە بە تەواوی بارودۆخەکە بۆمان وەسف دەکات – هەر چەندە نەینەواییەکان نەفامن و نازانن یەزدان کێیە، بە جدی و بە دڵەوە تۆبە دەکەن.
- هەر وەك لە چیرۆکی کەشتیوانەکان، کە خودا نوێژ و کەرداری خەڵکەکە دەبینێت، بە میهرەبانی وەڵام دەداتەوە و سزایان نادات.

# بەشی چوار : نوێژەکانی تووڕەیی یونس و نموونەی پەروەردەیی یەهوا

## پێشەکی

- بەشی چوار بەشێکی زۆر گرنگە لە کتێبی یونس لەبەر ئەوەی زۆر شت بۆمان ئاشکرا دەکات: (١) دڵ و نیازی یونس، (٢) دڵ و نیازی یەزدان، (٣) پەیوەندی یونس لەگەڵ یەزدان.
- بە ئاشکراکردنی ئەم شتانە نووسەرەکە پەیامە سەرەکییەکەی بۆمان ڕوون دەکاتەوە.
- زۆر گرنگە کە خۆمان دەخەینە جێگای یونس کە ئەم بەشە دەخوێنینەوە تاکو لە وەڵامەکانی یەزدان فێر بین.

## ٤-١:٤ : تووڕەبوونی یونس و پرسیاری یەهوا

- لە ئایەتی یەکدا، نووسەرەکە بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت بیر و دڵی یونس چۆنە لە ڕووی ڕزگاربوونی نەینەوا.
  - רָעָה (راعا) – واتە خراپە یان نەگریسی و لێرە دوو جار بەکار هێنراوە (ئەمە **خراپ بوو** بۆ یونس، **خراپەیەکی** مەزن بوو). هەمان وشە بەکار هێنراوە بۆ درەختی زانینی چاکە و **خراپە** (پەیدابوون ٩:٢). هەر وەك ئادەم و حەوا، یونس بە دانایی خۆی حوکم دەدات و متمانە بە دانایی خودا ناکات.
  - لە ڕوانگەی یەزداندا، شاری نەینەوا **مەزنە** (גָּדוֹל - گادۆل) بەڵام لە ڕوانگەی یونسدا، دەربازبوونی نەینەوا خراپەیەکی **مەزنە**.
  - חָרָה (خارا) – واتە هەڵکردنی تووڕەیی (وەك ئاگرێك). کەواتە بە هۆی دەربازبوونی یەینەوا، یونس تووڕە بووە. هەمان وشە بەکار هێنراوە بۆ تووڕەبوونی قایین بە هۆی پەسەندکردنی پێشکەشکراوی هابیلی برای خۆی (پەیدابوون ٤:٥-٦).
- لە ئایەتی دوو و سێدا، یونس دڵ و نیازی خۆی ئاشکرا دەکات لە کاتی قسەکردنەکەی لەگەڵ خودا.
  - یەکەم جار کە یونس هەڵهات لە فەرمانی خودا (٣:١)، لە لای ئێمە دیار نەبوو نیازی یونس چی بوو. بەڵام بە گوێرەی ئایەتی دوو، یونس گفتوگۆیەکی هەبوو لەگەڵ یەزدان کە بۆ ئێمە نەنووسرابوو. بە پێ قسەی یونس، بڕیاری دا هەڵ بێت لە خودا لەبەر ئەوەی زانی کە یەزدان خودایەکی میهرەبانە و ئەگەری هەبوو کە یەزدان لە نەینەواییەکان خۆش بێت.
  - ئایەتی دوو و سێ چۆن پەیوەستن بە چیرۆکی موسا لەسەر شاخی سینا (دەرچوون ٣٢-٣٤)؟
    - لە ئایەتی سێدا یونس ئاماژەی وەسفکردنی یەزدان دەکات کە یەکەم جار لە دەرچوون ٣٤:٦-٧ نووسراوە.
    - لە دەرچوون ٣٢:٣١-٣٢، موسا ژیانی خۆی پێشکەش دەکات وەك قوربانییەك لە جێگای خەڵکێکی گوناهبار، بەڵام یونس داوای مەرگی خۆی دەکات بە هۆی دەربازبوونی خەڵکێکی تۆبەکار. بەم شێوەیە یونس پێچەوانەی موسایە.
  - یونس هەڵ نەهات بە هۆی ئەوەی نەفام بوو بە کەسایەتی یەزدان، بەڵکو لەبەر ئەوەی شارەزا بوو!
- لە ئایەتی چوار، وەڵامی یەهوا بۆ یونس زۆر نزیکە لە وەڵامی یەهوا بۆ قایین لە پەیدابوون ٤:٦. پرسیارێکی سادە لە یونس دەکات.

## ٤:٥-١١ : یەهوا فێری یونس دەکات لە ڕێگای نموونەیەك

- وەك قایین، یونس دەڕواتە ڕۆژهەڵات و شوێنی دانیشتن دروست دەکات. لەوێ چاوەڕێی ئاواتی خۆی دەکات کە نەینەوا بڕوخێت.
- هەر وەك یەهوا ڕەشەبایەکی نارد و ماسییەکی نارد، ئێستا درەختێك و کرمێك و بایەك دەنێرێت بۆ فێرکردنی یونس.
  - کاتێك ڕووەکەکە دەمرێت، یونس دوبارە داوای مەرگی خۆی دەکات، و یەزدان دوبارە پرسیارێکی سادەی لێ دەپرسێت سەبارەت بە تووڕەبوونەکەی. یەکەم جار یونس تووڕە بوو لەبەر نەمردنی خەڵکی نەینەوا بەڵام ئێستا تووڕەیە لەبەر مردنی ڕووەکێکی گچکە کە تەنها ڕۆژێك زیندووە و یونس بۆ خۆی دابینی نەکردوە.
  - یونس ڕق و قینی دڵی خۆی نابینێت. هەر کەڵەڕەقە و بەردەوامە لە پەسەنتکردنی تووڕەیی و داواکاری خۆی.
  - دوای ئەوە یەهوا نموونەکە بۆ یونس شی دەکاتەوە و دووبارە پرسیاری لێ دەکات. بەڵام وەڵامی یونس نەنووسراوە.
- مەبەستی نموونەی یەهوا چی بوو؟ بۆ چ هۆکارێك نووسەرەکە وەڵامی یونسی نەنووسیو؟

# دەرئەنجام

## جۆرە ئەدەبیی کتێبی یونس

- شێوازی نووسینی کتێبی یونس زۆر تایبەت و دەگمەنە لە پەیمانی کۆندا. کتێبەکانی دیکە لە بەشی پێغەمبەران (وەك ئیشایا، یەرمیا، هەتا دوای) بە گشتی سەبارەت بە پەیامی پێغەمبەرەکانن بەڵام ئەم کتێبە دەربارەی کەسایەتی یونسە و پەیوەندییەکەی لەگەڵ یەزدان.
- زۆر دیارە کە کتێبی یونس چیرۆکێکە، بەڵام چ جۆرێکی چیرۆکە؟ چیرۆکێکی مێژووییە یان چیرۆکێکی نموونەییە؟ زۆربەی زانەکانی پەیمانی کۆن بیریان وایە کە نموونەییە بەڵام هەندێکیش هەیە کە بیریان وایە مێژووییە.
  - ئەوانەی کە باوەڕیان وایە کە کتێبی یونس چیرۆکێکی مێژووییە ئاماژەی ئەم بەڵگانە دەکەن : (١) کتێبی پاشایان کتێبێکی مێژووییە و لە دووەم پاشایان ٢٥:١٤ یونس باسکراوە. (٢) لە هیچ شوێنێك نەنووسراوە کە ئەم چیرۆکە تەنها نموونەیەکە. (٣) چیرۆکەکە ئاماژە بە چەند شارێك دەکات کە لە مێژوودا بوونیان هەبوو (وەك یافا و نەینەوا). (٤) عیسای مەسیح ئاماژە بە چیرۆکی یونسی کرد کە باسی مردن و هەستانەوەی خۆی دەکرد.
  - ئەوانەی کە باوەڕیان وایە کە کتێبی یونس چیرۆکێکی نموونەییە بەم شێوەیە وەڵام دەدەنەوە : (١) ستایلی نووسینی ئەم چیرۆکە بە شێوەیەکی مێژووی نەنووسراوە – نووسەرەکە بە قەست ناڵێت ساڵی چەندە و پاشاکە کێە لە ئیسرائیل و نەینەوا. (٢) چیرۆکەکە بە شێوازێکی هۆنراوەیی و گاڵتەیی و زیادەڕۆیی دەنووسرێت تاکو خوێنەرەکە بزانێت کە نموونەیەکە. (٣) هیچ کتێبێکی مێژوویی تر باسی تۆبەکردنی خەڵکی نەینەوا ناکات - تەنانەت لە پەیمانی کۆندا. (٣) چیرۆکێکی نموونەیی دەتوانێت کات و شوێنی مێژووی بەکار بهێنێت (وەك چیرۆکە نموونەییەکانی عیسا) .
- گرنگە کە بەمە ڕازی بین: ئەگەر مێژووی بێت یاخود نموونەیی بێت، پەیامی سەرەکی کتێبەکە بۆ گەلی خودا ناگۆڕێت.

## پەیامی سەرەکی کتێبی یونس

- کتێبی یونس وەك ئاوێنەیەکی ڕەخنەگر پەیامەکی زۆر زەهمەتی هەبوو بۆ گەلی ئیسرائیل لە سەردەمی خۆیدا. زۆربەی ئیسرائیلەکان و یەهوزاییەکان وەك یونس وا بوون. ڕق لە ئاشورییەکان بوون و دەیانوەست نەینەوا بڕوخێت. بەڵام نووسەرەکە ڕەخنە لەم ڕوانگە دەگرێت. چیرۆکی یونس ئاشکرا دەکات کە یەهوا ئەوەندە هێز و بەزەیی هەیە کە دەتوانێت توندوتیژ ترین خەڵك ڕزگار بکات ئەگەر تۆبە بکەن لە کارە خراپەکانیان – هەر چەندە ئەگەر دوژمنی گەلی خۆی بن.
- کە کەسێکی ئیسرائیلی دێرین ئەم چیرۆکەی بیست، دەبوایە بڕیار بدات کاردانەوەکەی چۆن بێت: (١) وەك یونس بەردەوام دەبێت لە ڕق و قینی خۆی و بەم شێوەیە دژایەتی خودا دەکات یان (٢) تۆبە دەکات و داوا لە خودا دەکات کە دڵەکەی بگۆڕێت.
- ئەم پەیام و بڕیارە تەنها شتی دێرین نیە، بەڵکو بۆ ئێمەشە کە شوێنکەوتووی مەسیحین. عیساش لە مەتا ٤٤:٥-٤٥ پێی فەرموو: (دوژمنەکانتان خۆشبوێ، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە، تاکو ببنە ڕۆڵەی ئەو باوکەتان کە لە ئاسمانە).

## فێرکردنی کتێبی یونس لە چوارچێوەی خۆمان

- گرنگە کە بیر لەمە بکەینەوە کە چۆن پەیامی ئەم کتێبە فێر بکەین بۆ برا و خوشکەکانمان لە کڵێسادا. چۆن یارمەتییان بدەین تاکو لە پەیامی کتێبی یونس تێ بگەن؟

---

---

- دەبێت بە چ شێوەیەك پەیامی ئەم کتێبە جێبەجێ بکەین لە ژیانی کۆمەڵی خۆمان؟ دەبێت چ کاریگەری هەبێت لەسەر دڵ و ژیانمان؟ چۆن باشتر لە خۆشەویستی خودا تێ بگەین؟ ئایا دوژمنەکانی ئێمە کێنە؟ چۆن باشتر ئەوانمان خۆشبوێ؟

---

---

# سەرچاوەکانی توێژینەوە


Allen, Leslie C. "The Book of Jonah." In *The Books of Joel, Obadiah, Jonah, and Micah*, 174-235. 2nd ed. Eerdmans, 1976.

Cary, Phillip. *Jonah*. Brazos Press, 2008.

McConville, J. Gordon. "Jonah." In *Exploring the Old Testament: A Guide to the Prophets,* 185-194. IVP Academic, 2002.

Schellenberg, Annette. "An Anti-Prophet among the Prophets? On the Relationship of Jonah to Prophecy." *Journal for the Study of the Old Testament* 39, no. 3 (March 1, 2015): 353–71.

Walton, John H., Victor H. Matthews, and Mark W. Chavalas. "Jonah." In *The IVP Bible Background Commentary: Old Testament,* 777-779. Intervarsity Press, 2000.